# دنیای منداڵان

١٥٥

www.kurdistanukurd.com

ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا


## ١ی ژوئەن

رۆژی جیهانیی منداڵان

لە هەموو منداڵانی کورد پیرۆز بێ

# منداڵان، وێنای دوارۆژی وڵات و نەتەوەن









# دنیای منداڵان

گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا


سەرنووسەر: شیلان قوربانی فەر

دەستەی نووسەران: کاوە ئاهەنگەری، هانا وریا، نێعمەت مەلا، مینا سوڵتانزادە


پەیوەندی:

www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan

www.Kurdistanukurd.com

### وتەی ئەمجارەمان

## ڕۆژی جیهانی منداڵان



بە بۆنەی هاتنی ڕۆژی جیهانی منداڵانەوە لە لایەن ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیرۆزبایی لە هەموو منداڵانی جیهان و بە تایبەت منداڵانی کوردستان دەکەین.
١ی ژوئەن ڕۆژی جیهانی منداڵانە. بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٤٩ی زایینیو دوای شەری جیهانیی دووهەم لە کۆبوونەی یەکیەتیی دیموکراتیکی ژنان کە لە پاریس گیرا ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی جیهانی منداڵان دیاری کرا، ساڵانە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ڕێورەسمی جۆراوجۆر بەڕێوەدەچێ لە هەرێمی کوردستانیش ساڵانە ئەو یادە دەکرێتەوە. بەڵام بەداخەوە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کە تا ئێستا ئازاد نەبووەو منداڵانی کورد هیچ مافێکیان نیەو تەنانەت ناتوانن ڕێورەسمی ڕۆژی جیهانیی منداڵانیش بگرن، لە هەموو مافەکانی خۆیان بێبەشن، تەنانەت ناتوانن بە زمانی خۆشیان بخوێنن. هیواداریین بتوانین لە داهاتوویەکی نزیک دا بە هەموو مافەکانمان بگەینو ئەو بۆنەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێژن بگرین.

سەرنووسەر

دنیای منداڵان
ژمارە ١٥٥- مای ٢٠١٥




### ئالفرید نۆبیل

زانایەکی سوئیدیە، ٢١ی ئۆکتۆبری سالی ١٨٣٣ لە ستۆکهۆلم لە دایک بووە، خاوەنی چەندین کارگەی گەورەی چەکوچۆڵ بووە. ئالفرێد نۆبیل لە ساڵی ١٨٦٦ دینامیت و چەندین ماددەی تەقینەوەی دیکەی داهێناوە.
هەرچەندە داهێنانەکانی نۆبێل خزمەتی بە مرۆڤەکان نەکردوە و تەنیا بۆ شەڕوماڵوێرانکەری بەکار هاتووە، بەڵام ئەو لە ساڵی ١٨٩٥ لە وەسیەتنامەکەی خۆی هەموو داراییەکەی دەبەخشێ بە ڕێکخراوێکی خێرخوازی بۆ دابینکردنو پێدانی خەڵاتیک بە ناوی "نۆبیل" کە دەدرێ بەو کەسانە کە هەموو ژیانی خۆیان تەرخان کردوە بۆ خزمەتو پێشکەوتنی بوارەکانی زانست، پزیشکی ئەدەبیات، مێژوو، مافی مرۆڤو ئاشتەوایی.
ئالفرید نۆبیل ١٠ی دیسامبەری ساڵی ١٨٩٦ لە ولاتی ئیتالیا کۆچی دوایی دەکا.

ئامادەکردنی: نێعمەت مەلا



لاوە لاوە لا، پرشەی مانگ و خوەر
عەرووسانەگەد هێمان ها خەوەر
چەوەیلد پڕ لە هسارەیٚ خەوە
دۆیەت شیرین شەکەتی دەر کەر
مانگە شەو ڕشیەیٚ وە خەڵوەت تۆ
دۆنیا مەنیە وە ئەزرەت تۆ
عەرووسانەگەد بگر وە باوش
تو دۆیەت منی، ئەوە دۆیەت تۆ
لاوە لاوە لا، دەردەگەد وە لیم
بەو تا گەرد یەک گیسیٚ بچنیم
بوەیمەیٚ تەفریح، بوەیمەیٚ بازاڕ
شەو ڕنگینێگ ئەڕای بسێنیم
عەرووسانەگەد نیشدیەسە ئێرا
چەویٚ ها تنەو وە تەک و تەنیا
هەمیشە ها لاد، چ هاوڕێگە
وە ناو هیچ حاڵێگ نیەلیێدەد وە جا
لاوە لاوە لا، گوڵ بایمە
دڵد نیەشکنی، خەنەیٚ دایمە
عەرووسانەگەد چەنیٚ عەزیزە
عەرووسانەگەد چەنیٚ ئایمە
هەرچەن چۆ منالٚ بیٚ زووانیگە
ئەزیەتی نەکەیٚ، فرە زانێگە
نە گەورا بوودن، نە خۆسەێگ دێریٚ
خوەش وە حاڵیٚ بوو، عەرووسانێگە
زوڵفە شوورەگەی شانە کردیە
چەوی وە ناخ بهشت هاوردیە
لاوە لاوە لا، بگرەی باوش
عەرووسانەگەد خەوی بردیە

سەبا عەباسی(ساقی)

کاوە ئاهەنگەری

**سڵاو منداڵەکان** Hi every body

وانەی ئەمجارەمان تایبەت بە توانین و نەتوانین
(can / can't)

What can you do?
تۆ دەتوانی چی بکەی؟



I can sing
من دەتوانم گۆرانی بڵێم.



I can read
من دەتوانم بخوێنمەوە



I can write
من دەتوان بنووسم.



We can dance
ئێمە دەتوانین سەما بکەین (هەڵپەڕین).



I can swim
من دەتوانم مەلە بکەم.



I can't swim
من ناتوانم مەلە بکەم.



I can fly
من دەتوانم هەڵفڕم.



I can't eat soup
من ناتوانم سوپ بخۆم.

# پێمخۆش بوو ببمە .....



که منداڵ بووم پێم خۆش بوو ببمه پزیشک، شارەزا و پسپۆر له بواری لەشی مرۆڤ دا پێم خۆش بوو هەرچی نەخۆشە چارەسەر بکەم. نەشتەرگەریم بۆ زۆر بۆقیش کردبوو و له خوێنیش نەدەترسام بەڵام برا گەورەکەم دەی گوت: «ئەتۆ چونکە دەست و خەتت زۆر خۆشە ناتوانی ببییە پزیشک». براکەم گوتیشی: «ئەگەر ببیە پزیشکی دادوەریش لەوانەیە له کاتی دیاریکردنی هۆکاری مردنی کەسێک که له زیندان دا مردووە، بۆخۆشت بمری». من نەمدەزانی براکەم مەبەستی لەو قسەیە چیە؟! من له زۆر فیلم دا بینیومە پزیشک دەتوانێت بینا و ساختمانیش دروست بکات، بۆیە بڕیارم دا ببمە ئەندازیار. ئەودەمی دەمتوانی بینای پتەو و بەهێز دروست بکەم و پارەیەکی زۆر کۆ بکەمەوە و دەوڵەمەند بم. بەڵام برا گەورەکەم چەند ساڵ لەوە پێش بوو بە ئەندازیار کەچی ئێستاش هەروا هەژارە و دەوڵەمەند نەبووە، براکەم دەیگوت لەو وڵاتەی ئێمەدا ئەگەر پارچە خشتێکی هەڵگرییەوە ئەوا ئەندازیارێک له ژێرییەوە دێتە دەرێ.

وەبیرمە که پێم گوت دەمهەوێ ببمە ئەندازیار، دەستی بۆ دارەکەی نێو حەوشەکەمان ڕاکێشا و گوتی ئێستا بڕێک ئەو دارەی ڕابوەشێنی بیست، سی ئەندازیار بەردەبێتەوە. نازانم مەبەستی براکەم چی بوو بەڵام ئەوەی ڕاست بوو که دەیگوت هەموو خەڵکی سەر شەقام و کۆڵانەکان ئەندازیارن، ئەگەر ئەندازیاریش نەبن ئەوە هەر وەک خوویەک

یەکتر بە ناوی «موهەندیس» بانگ دەکەن.

پێشم خۆش بوو ببمە فڕۆکەوان، وەک براکانی ڕایت. بەڵام ئێستا گوێبیستی هەر هەواڵێک دەبین باس لە هەڵەی فڕۆکەوان و کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکانی وڵاتی ئێمە دەکات. ئەمن نازانم بۆ هەمیشە هەڵەکان لە فڕۆکەوانن. پێشم خۆش بوو ببمە خوێندکاری زانکۆ، بەڵام براکەم پێشتر بۆخۆی لە زانکۆ بووە و دەیگوت خوێندکاری زانکۆ قەت ناتوانێت گلەییەکانی بە بەرپرسەکان بگەیەنێت و ئەوان لێیان تێناگەن، ئەگەر حەق بە خوێندکارەکانیش بێت ئەوا لێیان دەدرێت و دەبردرێنە زیندان، دەنا لە دوای زانکۆ و لە کاتی حەسانەوە دا لە بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆ دا بە گاز دەخنکێی و یان شوێنی حەوانەوەتان ئاگر دەگرێت. براکەم گوتیشی: «ئەگەر لە زانکۆ ئینگلیسیش بخوێنی و ساڵانی زانکۆ بە بێ کێشە تەواو بکەی و ببیە فەرمانبەری هۆتێلێکیش، لەوانەیە لاقت هەڵخلیسکێ و لە باڵکۆنی هۆتێلەکەوە بەربییەوە و بمری».
ئەمن نەمدەزانی براکەم بۆ وای دەگوت.

وەبیرمە ڕۆژێک گوتم پێم خۆشە ببمە نووسەر، برا گەورەکەم گوتی جا لەو وڵاتەدا ئەگەر ڕاوچییەتی و ڕاوکردنی لەق لەق بووە پیشە، ئەوا دەتوانی بە نووسەریش بڵێی پیشەیە. نووسەر بۆ ئەوەی بناسرێت و ناوبانگێک پەیدا بکات یان دەبێت بچێتە زیندان یان دەبێ بکوژرێت. پێشم خۆش بوو ببمە یاریزانی یاری تۆپانێ، بەڵام براکەم دەیگوت ڕەنگە لە یاری لەگەڵ یاریزانانی وڵاتێکی دوژمن دا سەرنەکەوی و نەتوانی گۆڵ تۆمار بکەی، ئەودەمی سزا دەدرێی و لەوانەشە لە خۆڕاو بە پێکانێکی زۆر سادەش گیانت لەدەست بدەی لە دوای یارییەکە.

من ماندوو ببووم و ئیدی نەمدەزانی چ پیشەیەک هەڵبژێرم بۆ ژیانی داهاتووم بۆیە لە براکەم پرسی باشە ئەدی ئەمن ببمە چی؟! براکەم وەڵامی دامەوە و گوتی: «نازانم بەڵام هەوڵ بدە کارێک هەڵبژێری کە تێیدا تاک و نایاب و بەناوبانگ بی، کارێک کە کەس ناتوانێت لە هیچ بوارێک دا تاوانبارت بکات و کەسیش نەوێرێت بڵێت پشت چاوت برۆیە». ئەوە بوو کە بڕیارم دا ببمە سەرۆک کۆمار.

وەرگێران لە دارشتنی فارسیی منداڵێکی نموونەوە  بە هێندێک دەسکارییەوە،
هانا وریا



# باڵندەی بەلەنجەولار

تاوسەکان لە وڵاتانی هیند و پاکستان و سریلانکا دەژین، بەڵام بە هۆی ئەو جوانییەی کە هەیانە، لە زۆربەی باخچەی ئاژەڵانی هەموو وڵاتاندا و لە زۆربەی پارک و دارستانە کێویەکاندا ڕادەگیرێن.
تاوسەکان دەنگێکی گەورەیان هەیە و بەرزی باڵایان ٢ میتر و ٣٠ سانتی میترە. ئەوان بۆ تێر کردنی خۆیان گیا و بۆق و شەیتانۆکە و هێندێک گیانلەبەری بچووکی دیکە دەخۆن.
کلکی تاوسە مێیەکان لە کلکی تاوسە نێرەکان کورت ترو پڕپەنگترە. ڕەنگی کلکیان سەوز یان شینێکی درەوشاوەیە کە جوانییەکی تایبەتی هەیە.
ئەدی بیستبووتان کە پەڕی تاوسی نێر درێژترین پەڕ لە نێو هەموو باڵندەکانە؟

# فێرگەی نەققاشی



# چیرۆکی شووتیی دڵسۆز

وەرزی هاوین بوو. هەوا زۆر گەرم بوو شووتی بەرەو ماڵەوە دەرۆیشتەوە، لە ناکاو گوێی لە گریانی منداڵێک بوو. لەدوورەوە چاوی بە منداڵێک کەوت کە لەسەر پاسکیلەکەی ڕا بەربۆتەوە و دەگری، شووتی دەستی منداڵەکەی گرت و هەڵی ستاندەوە، بەڵام منداڵەکە هەر دەگریا. شووتیەکەش زۆری زگ پێ سووتا و یەک دانە قاشی شووتیی دایە. منداڵەکەش بە خۆشحاڵیەوە وەریگرت.



شووتی درێژەی بە ڕۆیشتنەکەی دا و لەبەرەخۆیەوە گۆرانیی دەگوت. دیسان وەرزی گەرما هاتەوە خواردنی شووتی خۆشە. وەرە تاقی بکەوە قاشێکی بخۆ! شووتی کە هەر وا خەریکی شێعر خوێندنەوە بوو، چەند منداڵێک دەورەیان دا و داوای قاشێک شووتییان لێکرد، منداڵەکان کە تا ئەو کاتە خەریکی یاری کردن بوون زۆر شەکەت و ماندوو بوون، شووتی، قاشێکی دا بە هەریەک لە منداڵەکان. منداڵەکان بە خواردنی شووتیەکە ماندوویەتیان حەساوە و دستخۆشیان لێ کرد.

شووتیەکە دیسان درێژەی بە ڕۆیشتنەکەی دا. لە ڕێگا تووشی پیاوێکی پیر بوو، زۆر ماندووو هیلاک و تینوو بوو، ئەویش کەمێکی ئاوی شووتی دایە هەتا ماندویەتیی حەساوە، دەستخۆشیی لە شووتی کرد. شووتی زۆر هیلاک و ماندوو بوو، نەیدەتوانی لەوە زیاتر یارمەتیی کەس بدا. هەر بۆیە بەرەو ماڵەوە ڕۆیشتەوە تا لە یەخچاڵ دا وچان بدا و بحەسێتەوە.

و:مەتین

## فرۆزێن




ئەنیمەیشێنێکی ئەمریکاییە کە ساڵی ٢٠١٣ لە شێوەی کۆمیدی لە ستۆدیۆی واڵت دیزنی پیکچەرز و لە دەرهێنانی کریس بەک و جێنیفەر بەرهەم هاتوە و یەکێکە لە پڕ داهاتترین فیلمە ئەنیمەیشێنەکانی جیهان.

چیرۆکی ئەم ئەنیمەیشێنە باس لە دوو خوشک دەکا کە کچی پاشان. یەکیک لە کچەکانی هەر لەمنداڵییەوە خاوەنی سێحرێکە کە دەتوانێ بە دەستەکانی هەموو شتێک بکاتە سەهۆڵ و بەفر. کاتیک کە منداڵ دەبێ بە هەڵە جادوەکە بەکار دەهێنێ و بەر خوشکەکەی دەکەوێ و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە دایک و بابی بڕیار بدەن ئەو کچەیان لە هەموو کەس بشارنەوە. دوای مردنی دایک و باوکەکە خوشکە گەورەکە ئەبێتە شاژن ، لە رۆژی تاج لەسەرنانی ئەمە ئاشکرا دەبێت کە جادووگەرە و بۆیەش لە شارۆچکەکە دەردەکرێت و کچەکەش ڕادەکاتە سەرچیا و خوشکەکەی بەدوایدا دەچێ و لە رێگەدا تووشی چەند شتی سەیر و سەمەرە دەبن..



## زانیاری لەسەر تووتی



تووتیەکان باڵندەیەکی ڕەنگاوڕەنگن، لە هەموو جیهان ٣٧٢ جۆر تووتی هەیە. پەڕوباڵی ڕەنگاورەنگیان هەیە. هەندێکیان کلکیان کورتەو دەنووکیان خوارە. تووتیەکان زیاتر لە ناوچە گەرمەکانی ئەفریقا، هیندوستان، ئوستralیاو دارستانەکانی ئامازۆن دەژین.



هەرچەندە تووتی باڵندەیەکی کێوی (وحشی)یە بەڵام زۆر زیرەکەو زوو دەبێتە هاوڕێی مرۆڤ و دەتوانن فێری قسەکردن بن.
تووتیەکان بە شێوەی گرووپی (بە کۆمەڵ) دەژین.
خواردنی هەندێک لە تووتیەکان گوێز، فەندوق، بادامو میوەیە، هەندێکیان شیلەی گوڵەکان و کارگ دەخۆن.

و: دنیای منداڵان



ئالان قازی کوری بنەماڵەیەکی پێشمەرگە، تەمەن ١١ ساڵانە لە ولاتی دانمارک دەژیت. سالی ١٩٩٤ دایک و بابی بنکەکانی حیزبیان لە کوردستان بەجێ هێشت و ئاوارەی ولاتی دانمارک بوون ئالان زۆر باش بە کوردی قسە دەکات و هیندەی کۆ لە خەبەر و زۆر جار بۆ هاوپۆل و مامۆستاکانی باسی کێشەی کورد دەکات. ئەوسال لە کێبەرکێیەکی کۆبوونەوەی سۆسیال دیموکراتەکاندا بەشداری کرد . دەبا هەموویان وێنەیەکیان کێشاباوە کە داهاتووی دانمارک و سۆسیال دیموکراتەکان چۆن دەبینن. ئالان لە نێو بەشداربوواندا نەفەری سێهەم هاتەوە و لە لایەن پارلمانتەر ئەستغید کراک خەلات کرا.



جیاوازییەکانی ئەم دوو وێنەیە بدۆزەوە





# سوودەکانی پەتاتە

پەتاتە گیایەکی ١ ساڵەیە، سەرەتا لە ئەمریکای باشوور دۆزراوەتەوە، کەسێک بە ناوی میرزا مۆلکۆم خان لە ئەمریکاوە هێناویەتە وڵاتی ئێران.



## سوودەکانی پەتاتە:

١- پەتاتە بڕێکی زۆری ڤیتامین A و نیشاستە و قەندی تێدایە،

٢- خواردنی پەتاتە، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی دڵ، پووک، هەروەها بۆ چارەسەری برینی گەدە باشە.

٣- هەروەها بڕێکی زۆری ڤیتامین C، پۆتاسیۆم، ئاسنو فۆسفۆرو هەروەها ڤیتامین B٦ی تێدایە.

٤- پەتاتە بە کوڵاوی، یا بە پیشاوی بخورێ باشترە.

پەتاتە بۆ ئەوەی خراپ نەبێ دەبێ لە شوێنی تاریک هەڵگیرێ.



## ئایا دەزانن



١- زەرافە دەتوانێ بە زمانی گوێی خۆی خاوێن بکاتەوە؟



٢- چاوی هەشت پێ بە ئەندازەی یەک تۆپی بالە گەورەیە؟



٣- زۆربەی مانگاکان کاتێک گوێیان لە مۆسیقا دەبێ شیری زیاتریان دەبێ؟

Q

٤- پیتی "Q" لە زمانی ئینگلیسی دا زۆر کەم بەکار دێ؟

# قسەی خۆش بۆ پێکەنین



دوو درۆزن دەگەنە یەکتر
یەکەم: ئەمن شەوی رابردوو لەسەر هەسارەی مانگ نانم خوارد.
دووهەم: دەزانم، کاتێک لە هەسارەی مێریخ دەگەڕامەوە تۆم دیت لەسەر سفرە دانیشتبووی.

***

مامۆستایەکی زمانی ئینگلیسی بە قوتابییەکی دەڵێ وەزرەکانی ساڵم بە ئینگلیسی بۆ بڵێ، قوتابییەکەی زوو وڵام دەداتەوە دەڵێ بەهار، هاوین، پاییز، زستان، مامۆستاکەی دەڵێ بە زمانی ئینگلیسی بیڵێیەوە، قوتابیەکەی دەڵێ مامۆستا ئاخر من وەرمگێراوە.

❋❋❋

مامۆستا: پێم بڵێ جیا لە ئۆکسیژێن چیتر لە هەوا دا هەیە؟
قوتابی: قشقەڵە، مێش و مێشوولە





## مەتەڵ

ئەوە چییە یەک چاوو
یەک قاچی هەیە؟

❋

ئەو چییە سەری نیە
کڵاوی هەیە، قاچێکی
هەیە، کەوشی نیە؟

❋

ئەوە چییە سپیە بەفر نیە،
دار نییە بەڵام ریشەی هەیە؟

❋

ئەوە چییە ٣ چاوو یەک قاچی هەیە؟

ئا: دنیای منداڵان

## هێندێک تێبینی لەسەر شۆردنی منداڵ

شێوازی شۆردنی منداڵ کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر سڵامەتیی دەروونی و جەستەیی ئەو هەیە.

ئەمانەی خوارەوە چەند زانیارییەکی ورد و گرینگن بۆ ئەو مەبەستە:

• کاتێک منداڵەکەت دەشۆی تۆقلە (گلۆپ) بە کەفاو و سابوونەکە دروست بکەو هەڵیان بدە، چونکە منداڵ چێژ لەوە دەبینێ و توانای بینین و زیرەکیی زیاد دەکا.

• هەوڵ بدە لەکاتی شۆردنی منداڵەکەتدا قسەی لەگەڵ بکەی، ئەمەش توانای قسەکردنی زیاد دەکا.

• لەکاتی شۆردندا بوارێک بۆ یاریکردنی منداڵەکەت دروست بکە، ئەمە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی لە جیاوازیی نێوان ماددە رەق و شلەکان تێ بگا

• پسپۆڕان، ئامۆژگاریی دایکان دەکەن کە شامپۆی منداڵ نەگۆڕن. لێکۆڵینەوەکان سەلماندویانە کە منداڵ هۆگری تینی گەرماو و بۆنی شامپۆ تایبەتەکەیەتی و کاتێک بۆنی شامپۆ تایبەتەکەی دەکا، هەست بە ئارامی و هێمنی دەکا.



## بە دڵی خۆتان بمڕەنگێن



# پشیله و ڕێوی



له نێو دارستانێکدا پشیلەیەک لەگەڵ ڕێوییەک یەکتریان دی. پشیلەکە دەیزانی ڕێوی بوونەوەرێکی بەهۆشە ، چوو بۆلای و گوتی:
- ڕۆژباش مامۆستای خۆم ! ڕۆژگار چۆن بەسەر دەبەی؟
ڕێوی بە لە خۆبایی بوونەوە سەیرێکی پشیلەی کرد و هێندێک ڕاوەستا وپاشان گوتی:
ئەی بوونەوەری گێژو گەمژە، مشکخۆری لە برسان مردوو! وادیارە مێشکت لە کەللەدا نەماوە کە لە من دەپرسی چۆنم؟ نازانم بۆچی تا ئێستا هیچ فێر نەبووی.
پشیلەکە لە وەڵام دا گوتی:
ئاغام! من بە تەمەنی خۆم هەرشتێکی فێر بووم ، ئەویش ئەوەیە کاتێ سەگ بۆم هاتن ڕادەکەمە سەر داریکو خۆم مەڵاس دەدەم تا سەگەکان دەڕۆن وبەم چەشنە خۆم رزگار دەکەم .
ڕێوی گوتی:
هەی بە زیاد نەبی ، جا ئەوە چییە ؟ سەیری من بکە! لە من فێربە سەد دانە فەن و فێڵان دەزانم و بە قەدر سەدانی وەکوو تۆش بە هۆش و گۆشم . بە ڕاستی زگم پێت دەسووتێ. لەگەڵمدا وەرە تا فێرت بکەم کە لە تەنگانە چۆن خۆت رزگار بکەی .
هێندەی پێ نەچوو ڕاوچییەک بە خۆی و تاژییەکانییەوە لەو ناوە پەیدا بوو.
پشیلەکە هەر کە چاوی پێی کەوت بەپەلە بە درەختێکەوە هەڵگەڕاو خۆی مەڵاس داو تاژی بە ڕێوی وەربوون و لە خاک و خۆڵیان گەوزاند. پشیلە بە پێکەنینەوە هەرای لە ڕێوییەکەی کرد و گوتی مام ڕێوی فێڵەزان! دەزانی سەرەڕای ئەو هەموو زۆرزانی و ئەو هەمووە فێڵەی دەیزانی تووشی چ چارەنووسیک هاتی؟!
خۆزگە بخوازە وەک من توانیبات بە دارێکدا هەڵگەڕێی و بەم چەشنە بە ساغی و سلامەتی و زیندوویی بمێنیەوە. ئێستا لەو سەرەوە دەبینم کە چۆن لە چوارپەلان گوێت ساغن و چۆن بوویتە نێچیری تاژییان، دەبخۆ با نۆشی گیانت بێ!



چیرۆکی کۆنی کوردەواری
دارشتنەوەی باوکی باوان

# منداڵەکان

پەپولە خۆش خەیاڵەکان
پێکەنینتان
وەکو شەپۆلی دەریایە
تورەبوونتان: رەشەبایە
هیوای ئێوە وەک هەڵگوردە
لەبن نایە.
جلەو ناکرێ
وەکو ئەسپی سەرکەش وایە

جەبار سابیر

